## گێڕەرەوەی فەرموودەکە :

باوکی (واقیدی لیثي)، چونکە لە خزمایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ (لیث)ی کوڕی (عبد مناف)، وتراوە: ناوی (حارث)ی کوڕی (مالك)ە. وە وتراوە: کوڕی (عوف)ە. وە لە (بخاري) و (مسلم)دا دوو فەرموودەی هەیە، هەروەها وتراوە: بەشداری جەنگی (بدر)ی کردووە، وە وتراوە لە موسڵمانی (فتح)ی مەککەیە، ساڵی (٦٨)ك کۆچی دوایی کردووە دوای ئەوەی کە تەمەنی (٨٥) ساڵ بووە(ڕەزای خوای لێ بێت).

## واتای فەرموودەکە بەکورتی :

لە سوپای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە غەزای (حنين )دا چەند کەسانێکی تازە موسڵمانێکی تێدابوو بە تەواوی بیرو باوەڕی ئیسلام دانەمەزرا بوو لە ناخیاندا نەزان بوون بە بیرو باوەڕەکەی، چونکە نەفامی لە ناخیاندا هێشتا نەسڕابووەوە و نزیك بوون لە نەفامی و هاوەڵدانانەوە، ئەوانیش بە لای خەڵکانێکی بێ باوەڕدا تێپەڕین کە لە دەوور و پشتی دارێك بوون بە پیرۆز و گەورەیان ئەزانی



هەر ئەوەندەیان زانی بەو کارەی کەبێ باوەڕان ئەنجامی ئەدەن داوایان لە پێغەمبەری خوا کرد(ﷺ) کە دارێکیان بۆ ئامادە بکات تاوەکو شمشێر و تیرەکانیان بە قەدیا هەڵواسن لە پیرۆزیدا نەك بۆ عیبادەت و خوا پەرستی، وا گومانیان برد، کە ئاییني ئیسلام ڕازییە بەم جۆرە کارە و بەم شێوازەش سەر دەکەون بە سەر دوژمنەکانیاندا.

پێغەمبەری خواش(ﷺ) سەری سوڕما لەم داوا کاریە سەیر و سەمەرەیە بۆیە وشەیەکی گەورەی فەرموو پێویستە ببێتە دەرس و ئامۆژگاری بۆ ئوممەتەکەی تاکو ڕۆژی قیامەت.

چەند جوانە کە موسڵمانان تێبگەن لەم دەرس و ئامۆژگارییە، بەتایبەتی زانایان بانگەواز بکەن بۆئەم وشە بەهێزە، بەسەر خەڵکانی گشتیدا ئەوانەی، کە (تەبەڕوك) دەکەن بە زیندو و مردو و دار و بەردەوە واتێ دەگەن، کە ئەمە لە ئاییني ئیسلامە، بۆ ئەوانەی جوان دەکەن، کە لە خوای گەورە ناترسن و نایانەوێت بە هیوای ڕەحمەتی خوای گەورە و ڕۆژی دوایی بن لەپەرستراوی ماڵ، وە سۆزی خەڵکانی نەزان و خۆش بروا ڕائەکێشن تاوەکو دایانمەزرێنن لەسەر ناڕەوایی، وە پاڵیان ئەنەن بۆ دژایەتی حەق و بەتاك دانانی خوای گەورە.



## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت

١- قەدەغە کردنی خۆشوبهاندن بە کەسانی نەزان و جاهیل.

٢- پێغەمبەری خوا (ﷺ) داواکاریەکەی ئەوانی شوبهاند بە داواکاریەکەی (بني إسرائيل) .

٣- ئەو کردارەی کە (بني اسرئيل)ی زەم پێ ئەکرێت بە هەمان شێوە زەم ئەم ئوممەتەیشی لە سەر ئەکرێت ئەگەر ئەنجامی بدەن.

٤- لەم فەرموودەیەدا باس لە وریاکردنەوە ئەکات کە لەسەر بنچینەی داخستنی ئەو ڕێگایانەی کە بەلای خراپەدا ڕائەکێشێت .

٥- وە نیشانەیەك لە نیشانەکانی پێغەمبەری تێدایە ، چونکە ڕوویداوە وەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی پێداوە.

٦- ترس بوون لە هاوبەشدانانی خوای گەورە ، وە مرۆڤ کاری وا ئەنجام ئەدات کە خۆی بەباش ئەزانێت وا گومان ئەبات کە لە خوای گەورە نزیکی ئەکاتەوە بەڵام نازانێت کە زۆر خراپ دوور ئەخرێتەوە لە ڕەحمەتی خوا، وە نزیکی ئەکاتەوە لەسزای خوای گەورە.

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم